زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

09

# دایکی ئیمانداران

# ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان

حبیب محمد سعید

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

بسم الله الرحمن الرحيم

دایکی ئیمانداران

ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان

# دایکی ئیمانداران ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان


**نوسینی**
حبيب محمد سعيد
**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
**نەخشەسازی ناوەوە**
زەردەشت کاوانی
**خەت**
نەوزاد کۆیی
**بەرگ**
ترایزۆن
**قەبارەی کتێب**
١٤× ٢١ - ( ٣٣ ) لاپەڕە
**نۆرە و ساڵی چاپ**
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦ ز
**تیراژ**
٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢١ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە



هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing



**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

## زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر ١٠

# دایکی ئیمانداران
# ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان

نوسینی
حبیب محمد سعید

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## ئازیزەكانم! ئەی هاوەڵە شیرینەكانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەكان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت چونكە ڕەفتاری شیرین و كاری مەردانەتان شارەزان. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج كراو و بەكرێ گیراوی بێگانەی كافر هەروەك شەمشەمە كوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشكەش بە مسوڵمانەكان بكرێت، چونكە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتەدی..

منتدى اقرأ الثقافي

# پێشکەش

پێشکەش بێت:

بەو ئیمان دارانەی کە بە ڕاستی و پاکیی حەزیان لە خزمەتی ئیمانەو سەرو ماڵیان بۆ ئەو کارە تەرخان دەکەن.

بەو خوشکانەی کە لەسەر ئیمان تەنگیان پێ هەڵ دەچنرێ، کەچی ئەمان بە شەفەقەتی ئافرەتی ئیمان دارەوە هەوڵی سەرفرازی دنیا و قیامەتی دەوروبەریان دەدەن.

# پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيد الأنام
محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

بانگە شیرینە ڕزگاریی خوازەکەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەك مۆمێکی داگیرساوی تیشك زێڕینی لێهات و، ئادەمییە دڵ پاکەکانیش کە شەیدای ڕاستی بوون، بوونە پەپولەی دەوری. باکیان لە گڕو گڵپە نەبوو و بێ پەروا خۆیان نزیك دەخستەوە. ئەوەی ڕاستی بێ مرۆڤی بە غیرەت دوور لە خوا ناژی. لەسەرەتاوە دەستەیەکی ورەبەرز و دامەزراو باوەڕیان هێنا و وکەوتنە سەر ڕێی ڕاست و چاویان بڕییە بەهەشت و بەخششەکانی.

لە ئەڵقەی ئەمجارەماندا - بە پشتیوانی و کۆمەکیی خوای گەورە - پێمان خۆشە کەمێ لە ژیانی پڕ فەڕ و پیرۆزی یەکێ لە ئافرەتانی ئەو دەستە بەغیرەتە بخەینە بەردەستی ئازیزانی کورد زبان، بە هیوای

ئەوەی خودای گەورە بیکاتە کەفارەتی گوناهـ و تاوانە بەلێشاوەکانمان و کەمیَ دڵە ڕەشە تاوانبارەکەمان پاك ببێتەوە و، بەسۆز و بەزەیی خوای گەورە سەر شۆڕی بازاڕی قیامەت نەبین.

سلێمانی

١١ / ١٢ / ١٤١٤ك

٢٢ / ٥ / ١٩٩٥ز

## هـێزی ئیـمـان

قورئانی پیرۆز، لەلایەن خوای خاوەن سۆز و بەزەییەوە کرایە خەڵاتی سەرزەویی. لە تەنیشت کەعبەی پیرۆزدا، جیبریلی ئەمین وەحیی بۆ ( محمد الأمین ) قورئانی پێشکەش کرد. قورئانی پیرۆز فەرمانی بەسەر (محمد) ی دەست پاك و ڕاستگۆدادا تا ئادەمیەکان بۆ سەر ڕێبازی خوداناسیی بانگ بکا، تا واز لە کوفر و بێ باوەڕیی و بێ ئاگایی بهێنن.

پیغەمبەری ئازیزیش (صلی الله علیه وسلم) بە چاکترین شێوە بانگی پیرۆزی گەیاند.

یەکەم جار دانیشتوانی مەککەی ئاگادار کرد و لەزەت و بەرهەم و سەرنجامی ئیمانی بۆ روون کردنەوە. بۆیە ئەوانەی خوا پێ داو بوون دەرگای دڵەکانیان خستە سەر پشت تا لە نووری ئیمان پڕ ببن.

دڵەکان فێنك بوونەوە. بە نووری ئیمان گەشانەوە. لە بیری بت پەرستیی ڕزگاریان بوو. بۆ جیهانی مەعنەویات دایان لەشەقەی باڵ و بەرز هەڵفڕین.

بەرەیەکی ئیمانیی چاك ویست و کۆڵنەدەر پێ گەیشتن و کەوتنە شوێن ڕابەری ڕاستەقینە، محمدی کوڕی عبدالله (صلی الله علیه وسلم) .

ئەم بەرە ئیمانییە تایبەت نەبووبە چینێکەوە، بەڵکو بریتیی بوو لە پیاو ئافرەت. لە دەوڵەمەند و هەژار. لە بەندە و ئازاد.

ئەبوسوفیان یەکێ بوو لە سەرداره ناودارەکانی قوڕەیش لە مەککەدا و، خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو، هەرگیز بە بیری دا نەدەهات کەسێ لە دانیشتوانی مەککە بتوانێ لەفەرمانی دەربچێ و بەبێ ئاگاداریی ئەو پەنجە بە ئاودا بکا.

تا ئەوکاتەی گوێ ڕایەڵیی و فەرمان بەرداریی بەزم و باوی کۆمەڵ شتێکی ئاسایی بوو، کەس بۆی نەبوو بە ویستی خۆی و بێ پرسی کۆمەڵ بڕیار بدات.

بەڵام بە هاتنی دینی تازە، بە نووری قوڕئانی پیرۆز مێشکەکان لە بەزم و باوی کۆن، ڕزگاریان بوو و، ئیمانیان بە تاك و تەنیایی خواو پێغەمبەرێتیی (محمد المصطفی) (صلی الله علیه وسلم) هێنا، ئیتر هیچ نرخێکیان بۆ بەزم و باو دانەدەنا.

ڕەملەش یەکێ بوو لەو نوێخوازە چاوکراوانە کە خاوەنی ویژدانێکی زیندوو بوو و، لاشی ئاشکرا بوو بتەکانی قوڕەیش جگە لە دەست بڕین و خەڵەتاندن و چاوبەست کردنی کۆمەڵ هیچیان تیا بەسەر نیە، بۆیە پشتی تێکردن و، لەگەڵ عوبەیدوڵڵای کوڕی جەحشی مێردیدا، ڕویان کردە قوڕئان و کەوتنە شوێن پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) .

بەم هەنگاوەیان ڕای پیاوماقوڵان درایە دواوە، بەتایبەتی پیاوێ وەك ئەبوسوفیان کەزۆری بەلاوە گران بوو کچەکەی دینی باوباپیرانی پشت گوێ خستبێ و شوێن محمدی کوڕی عەبدوڵڵا کەوتبێ.

ئەبوسوفیان بەوێنەی دایك و باوك و کەس و کاری تری مەککە، بە هەموو هێزێکیەوە کەوتە هەوڵدان و نەخشەکانیان بۆ پەشیمان کردنەوەی کچ و زاواکەی.

هەوڵ و کۆششی ئەوانە بێ سوود بوو، چونکە بەرەی تازە بە دەم و زمان شوێن پێغەمبەری خوا نەکەوتبون، بەڵکو تیشکی ئیمان شاڵاوی کردبووە سەر دڵەکانیان و بە جارێك داگیری کردبوون، دڵەکانیش تام و چێژی ئیمانیان چەشتبوو، کورتەکەی خۆشەویستی ڕاستەقینەیان دۆزیبۆوە و ساتێ بێ ئەو نەئەژیان.

بەرەی ئیمان دار چاویان بڕیبووە قیامەت و پەلەیان بوو دەستیان بە ناز و نیعمەتی بەهەشت بگات، ئیتر ئاوڕیان بەلای دنیا و بەرژەوەندییەکانیان نەدەدایەوە.

موسڵمان بوونی ڕەملە خەم و خەفەتی شەو و ڕۆژی باوکی بوو، لە ڕووی نەدەهات لەبەردەم قوڕەیش دا سەر بەرز بکاتەوە دوای ئەوەی بێ دەسەلاتی بەسەر کچەکەیدا بۆ هەمووان دەرکەوت.

قوڕەیش بۆیان دەرکەوت دڵی ئەبوسوفیان لە کچەکەی ڕەنجاوە و وەك جاران خۆشی ناوێ، بۆیە ئەمەیان بە هەل زانی و دەستیان دایە ئازاردانی خۆی و مێردەکەی و، بە هەموو شێوەیەك تەنگیان پێ هەڵ دەچنین، بە ڕادەیەك ئەوەندە بێزار بوون توانایان نەما لە مەککەدا ژیان بەرنە سەر!!

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە دڵە پاکەکەیەوە زۆر خەمبار دەبوو کە موسڵمانەکانی لەژێر سزا و ئازاری قورەیشدا دەدیی و دەسەڵاتیشی نەبوو سەرفرازیان بکات، بۆیە بیری لەوە کردەوە هەندێکیان کەنار بدا تا ماوەیەك پشوو بدەن، ئەوە بوو ماوەی دا هەر موسڵمانێ پێی باشە با بۆ حەبەشە کۆچ بکات.

ڕەملە و مێردەکەی و حەبیبەی کۆرپەیان لەگەڵ کۆچ کەراندا بەرەو وڵاتی حەبەشە ڕێگای غەریبیی و بێ کەسییان گرتە بەر، تا لەسەر دینی پاك و بێگەرد بچنە پەنای نەجاشیی پادشای حەبەشە.

بەبێ تاوان و بەبێ خراپە ئەو بەرە نوێخوازە چاك ویستە دەربەدەری وڵاتان کران، تەنها لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگاریان ناسیی بوو و، ئامادە نەبوون بەکوێرانە خەریکی بت پەرستی بن!

# پاداشـتـی ئیخــلاص

دەستە بێ کەسە ئیماندارەکە، دوای گەشتێکی دوور و درێژ و ماندوبوون و چەرمەسەرییەکی زۆر، ڕێگای وشکایی و دەریایان بڕیی و گەیشتنە وڵاتی حەبەشە.

پادشای حەبەشە بەڵێ گاور بوو، بەڵام پادشایەکی دیندار و لە خوا ترس بوو، قەشەو زانای خواناسی لە دەوری خۆی جەم کردبوو، وڵاتی لە داد و یەکسانیی و هەرزانیی پڕ کردبوو. بە دڵ و بەگیان و بەوپەڕی پاکییەوە شوێن حەزرەتی عیسا پێغەمبەر - سەلامی لێبێت - کەوتبوو. زۆر دوور بوو لەو گاورێتیەی صەدەکانی ناوەڕاست و هەتا ئێستاش، کە وڵاتی ڕۆم و ئەوڕوپا بە دەست بە دڕەوشتیی و ستەم و جەورەوە گیرۆدە بوو بوون. چونکە قەشەکانی وڵاتی ڕۆم و یۆنان مەسیحیەتیان تێکەڵ بەبت پەرستی و بەدڕەوشتی شارستانێتی ڕۆم و یۆنان کرد بوو، میللەتیان دەرخواردی گورگە هارەی کاربەدەستەکان دابوو، بەڵام وڵاتی حەبەشە وەها نەبو، پادشا خۆی خواناس بوو و بە هیچ شێوەیەك حەزی لە زوڵم و ستەم نەبوو، تا ئەوەبو خوای گەورە لەسەر ئەو پاکییەی خۆی پاداشتی دایەوە.

ئیمانداره کۆچ کەرەکان گەیشتنە وڵاتی حەبەشە و بە ئاواتی خۆیان گەیشتن، بەڵام ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و سەرداره قوڕەیشیەکانی تر کە بیستیانەوە وا دەستەیەك لە ئیمان داران گەیشتوونەتە وڵاتی حەبەشە و لەوێ بەسەربەستی خەریکی خواپەرستیی خۆیان دەبن، ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، پێیان ناخۆش بوو ئەو کۆمەڵە ئیمانداره بێ تاوانە لەژێر سزا و ئازاری ئەوان دەرباز ببن!

بۆ ئەمە دوو پیاوی زانا و لێهاتوویان نارد بۆ لای نەجاشیی تا تێی بگەیەنن کە ئەمانە کۆمەڵێ نەزان و نەفامی خزمی خۆیانن و لە دینی باوباپیرانیان پاشگەزبونەتەوە و بێ ئەوەی بچنە سەر دینەکەی ئەویش، بۆخۆیان دینێکی تازەیان داهێناوە، جا بۆ ئەوەی بە تەواویی لەبەر چاوی بکەون ئەوەشیان تێگەیاند کە ئەمانە لە بارەی حەزرەتی عیسا و مەریەمی دایکیەوە شتی ناڕەوا دەڵێن.

دوای تێگەیاندنی بەو شێوەی کە خۆیان ویستیان، داوایان لە پادشا کرد کە بیان داتەوە دەستیان، تا بیان بەنەوە بۆ لای خزم و کەس و کاریان.

پادشا پیاوێکی ژیر و دنیا دیدە بوو، بۆیە بڕیاری دا تا چاوی پێیان نەکەوێ و پرسیاریان لێ نەکا، نەیان نێرێتەوە.

ناردی بە دوایاندا و ئەوانیش هاتنە دیوانی پادشا و هەواڵی دینی تازەی لێ پرسین.

پادشایان تێگەیاند کە زووتر لەوپەڕی نەفامیی و نەزانیی و ڕەوشت نزمیی و سووکییدا ژیاون تا خوای گەورە لە نێو خۆیاندا پیاوێکی ڕەوشت بەرزی، پشت و بنەچە بەرز و ناسراوی، بۆ هەڵبژاردن و کردی بە پێغەمبەر و قورئانی پیرۆزی بە خەڵات بۆ نارد، تا

لەو سوكیی و ڕیسواییە ڕزگاریان بكات و بیان خاتە سەر ڕاستە شەقامی خواناسیی و فەرمانیان بەسەردا بدا بۆ ئەنجام دانی هەموو كارێكی مەردانە و مژدەی سەرفرازیی هەردوو ژیانیشی پێ دان.

كە لە بارەی حەزرەتی عیسا و مەریەمی دایكیەوە - سەلامی خوایان لێ بێ - پرسیاری لێ كردن كە ئەمان ڕایان چی یە، وەڵامیان دایەوە كە ڕای ئەمانیش ئەوەیە كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

پادشا كە زانیی لە قورئاندا باسی حەزرەتی عیسا و دایكی - سەلامی خوایان لێ بێ - هاتووە زۆری پێ خۆش بوو ئەو ئایەتانە بە گوێی خۆی ببیستێ.

جا كە لە ڕاستێتیی دینی ئیسلام گەیشت و ئایەتە قورئانییەكانیش، كە باسی حەزرەتی عیسایان دەكرد لە دەمی موسڵمانەكانی بیست، ڕاستیی و پاكیی دینی تازەی بۆ دەركەوت و ئەوەندە گریا تا ڕیشی بە فرمێسك تەڕ بوو و، قەشەكانیش ئەوەندە گریان تا بە فرمێسك پەڕاوەكانی بەردەستیان خوساند.

كە پادشا ئەمەی بۆ دەركەوت پێی وتن: ئەم دینەی كە بۆ محمدی پێغەمبەرتان هاتووە لەگەڵ ئەو دینەش كە عیسای كوڕی مەریەم هێناویەتی، لە یەك سەرچاوەی نوورەوە هاتوون.

هەروا لەو كۆڕەدا ئیمانی بە خودای تاك و تەنیا و بێ شەریك دەربڕیی و، تەصدیقی پێغەمبەرایەتیی محمدیشی (صلی الله علیه وسلم) كرد.

پادشا موسڵمان بوو و گەیشت بەو پلە بەرزەی كە دڵ و دەروونی پاكی پڕ لە ئیخلاصی شیاوی بوو، چونكە لە كاتی گاورێتییدا بە پاكیی و بەبێ فێڵ خەریكی خواناسیی بوو، كە ئەمەش یاسایەكی گشتییە:

هەرکەس لەسەر هەر بیر و بۆچونێك بێت، ئەگەر لەبەر خۆیەوە بە پاکیی ڕێی گرتبێتە بەر، ئەوا خوای گەورە دەیخاتە سەر ئەو شاڕێگایەی کە خۆی لێی ڕازییە و ئەوەش بە ساختە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕێگا بگرێتە بەر - پەنا بە خوا - ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕەحمی خوا دوور دەکەوێتەوە تا بە ڕووڕەشیی و نائومێدیی سەردەنێتەوە.

نمونەی یەکەم نەجاشیی پادشای حەبەشەیە لەو شوێنە دوورەدا، کە خوای گەورە ئەو ئیمان دارانە دەنێرێتە وڵاتەکەی تا ببنە هۆی هیدایەتی، نمونەی دووهەمیش ( ئەبولەهەب ) ە کە هەرچەندە مامەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو کەچی بەڕووڕەشیی دنیا و قیامەت سەری نایەوە.

پادشا ئیمانی هێنا و بڕیاری پارێزگاریی و ڕێزی موسڵمانە میوانەکانی دا و جووتە پیاوەکەی قوڕەیشی بە دەستی بەتاڵ و نائومێدی ناردەوە، بەڵام سەرکردە و گەورە پیاوانی حەبەشە هەر لەسەر دینی گاورێتیی خۆیان مانەوە.

# تـــاقی کردنـــەوەی ســـەخت

ڕەملە وای دادەنا شەوانی ڕەشی تاقی کردنەوە و هەڵ سەنگاندن ڕۆیشتن و ئیتر ڕۆژی ئازادیی و بێ وەیی دەست پێ دەکات!

وای زانی گەشتی دوور و پڕ مەینەت کۆتایی هات و وا گەیشتونەتە مێرگی حەسانەوە. نەیدەزانی قەدەری پڕ لە دادی خوای گەورە چی تری بۆ بڕیار داوە.

نەیدەزانی شەوانی زەحمەت و خەم و خەفەت - بۆ ئەو - لەمەولا دەست پێ دەکەن.

بەڵێ بەپێی قەدەری پڕ حیکمەت و عەدالەتی خوای پەروەردگار تاقی کردنەوەیەکی زۆر سەخت و ناهەموار هاتە بەردەم ئوم حەبیبەی کچی ئەبوسوفیان، تاقی کردنەوەیەك لەوپەڕی سەختییدا بوو کە وەك دەڵێن لوقمانی حەکیمی تێدا حەیران دەبوو.

خوای گەورە وەك ئەم تاقی کردنەوە سەختەی هێنایە بەردەم ئەم ئافرەتە ئیماندارە، وەهاش - بە سۆز و بەزەیی و شەفەقەتی بە لێشاوی خۆی - ئیمانێکی وەهای پێ بەخشیی بوو کە بەرگەی لەوە سەخت تریش بگرێت.

## بەڵێ ئازیزانم!

هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و - خوا لەوانیش ڕازیی بێ - وەك ئاوێنەی بەردەم خۆریان لێ هاتبوو، چۆن هەر ئاوێنەیەك بەپێی گەورە و بچووکیی خۆی وێنەیەکی خۆری تێدا دەردەکەوێ، ئەوانیش هەریەکەیان بەپێی توانا و لێ هاتن و پلەی خۆی لە نووری پێغەمبەرایەتی ( محمد المصطفى ) (صلى الله عليه وسلم) یان وەرگرتبوو و، هەریەکەیان وێنەیەکی بچووك کراوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوون.

سەرەتای دەست پێکردنی ئەو تاقی کردنەوە ناهەمواره بە خەوێك دەستی پێکرد کە ڕەملە خۆی بینی.

شەوێکیان لە خەویدا چاوی بە عوبەیدوڵڵای کوڕی جەحشی مێردی کەوت، سەرنجی دا وا لەناو دەریایەکدا شەپۆل دەدا و چین لەسەر چین تاریکاییش دەریاکەی داپۆشیوە و ئەویش لەوپەڕی ناڕەحەتییدایە.

لە ناکاو لە خەو ڕاچڵەکیی و ترس و لەرزێکی زۆر دای گرتبووەوە. خەوەکەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، وای بە چاك زانیی نە بۆ مێردەکەی و نە بۆ کەسی تریشی نەگێڕێتەوە..

بەڵام زۆری پێ نەچوو خەوەکەی هاتە دیی..

ئەو ڕۆژە کە لە شەوەکەیدا ئەو خەوەی دی بوو، بەسەر نەچوو، ئەنجامی خەوەکەی هاتە دی..

هەر ئەو ڕۆژە عوبەیدوڵڵای مێردی لە دینی ئیسلام پاشگەز بویەوە و چووە سەر دینی گاوران..

بەڵێ وازی لە ئیمان و ئیسلام هێنا و دەستی دایە خواردنەوەی مەی.

ڕەملە ئەم هەڵوێستەی مێردەکەی لەلا پەسەند نەبوو، حەزی نەدەکرد پیاوێك لەسەر ئیمان لەوڵات و کەس و کاری خۆی دەربەدەر بوبێ، کەچی ئیمانەکەی بدۆڕێنێ و بە سەرگەردانیی سەر بنێتەوە.

داخۆ چەندی لێ پاڕابێتەوە با پیاوی چاك بێ و سەر لە خۆی نەشێوێنێ دنیا و قیامەتی لە کیس نەچێ؟!

ئافرەتی بەستەزمان دەسەڵاتێکی نەبوو..

مێردەکەی بەوە شەوە نەوەستا ڕووی کردە ژنەکەی و ماوەی هەڵبژاردنی دوو ڕێگای دایە:

یا ئەوەتا تەڵاق وەرگرێ..

یان ئەویش ببێتە گاور.

ئافرەتی بەستەزمان کە لە نیازی مێردەکەی گەیشت، بیری کردەوە دەبێ یەکێ لەم سێ ڕێگایە هەڵ بژێرێ:

یا ئەوەتا بە گوێی هاوسەری ژیانی بکا، کە ئەوپەڕی هەوڵی لەگەڵ دا دەدا بۆ گاور بوون، واتە لە دینە پاك و بێگەردەکەی محمدی ئازیزی (صلی الله علیه وسلم) پاشگەز بێتەوەو و، واز لەو ئیمانە پاڵفتەیە بهێنێ و وەك مێردەکەی - پەنا بەخوا - سەر شۆڕیی دنیا و قیامەت هەڵبژێرێ، دیارە کە ئەگەر بە شانەی ئاسنین گۆشت و ئێسقانی لە یەك جیا بکرێتەوە، هەرگیز توانای ئەوەی نیە

واز لە قورئانی پیرۆز بهێنێ و بکەوێتە شوێن خەرافیاتی کەنیسە.

یا ئەوەتا بە کۆلێ خەجاڵەت و سەری شۆڕەوە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی کە هێشتا قەڵای کوفر و بت پەرستییە، ئەو کاتەش بە خۆی و دینەکەیەوە زەلیلی بەردەستی بێ بڕوایی بێت و ژیانێکی تاڵ و چاوشۆڕانە بەسەر ببات.

یا ئەوەتا وەك وازی لە باوکی بت پەرستی هێناوە، دەست بەرداری مێردە گاورەکەشی ببێت و لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار و پاراستنی ئیمانەکەی بە تاقی تەنیا و بەبێ کەس لە وڵاتی حەبەشە بژی و بۆ هیچ ڕەشەبایەك مل کەچ نەکات.

کە سەرنجی ئەم سێ ڕێگایەی دا یەك لەیەك گرانتر بوون. ڕێگای یەکەم و دووهەم هەر قازانجێکی دنیایی بکات، ئەوا تیاچوونی ئیمانەکەی تێدا مسۆگەرە، بەڵام ڕێگای سێهەم هەر زیانێکی دنیایی بکا، ئەوا پارێزگاریی ئیمانەکەی تێدا مسۆگەرە، بۆیە پشتی بە خوای گەورە بەست و بڕیاری دا، مەردانە، بەبێ کۆڵ دان، لە وڵاتی حەبەشە بمێنێتەوە و دەست بەرداری ئیمان نەبێت و چاوەڕوان بکا تا خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە.

بەمە تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرت و نەشگەڕایەوە مەککە بۆ ماڵی باوکی.

# دەرگای ڕەحـــمەت

ڕەملە خۆی دایە دەست پەروەردگار. بە ئیمانێکی کامڵەوە چاوی بڕییە ئاسمان تا دەرووی بە خێری لێ بکرێتەوە. بە ملی کەچەوە دادی بێ کەسیی و غەریبیی خۆی بردە بارەگای پەروەرگار. بەسەر بەرماڵەکەیەوە هانای بردە بەر خوای گەورە لەم تاقی کردنەوە سەختەدا ئارام و دامەزراوی پێ ببەخشێ.

ژیان هەموی تاقی کردنەوەیە، بەڵام بۆ ئیماندار هەمیشە تاقی کردنەوی سەرکەوتنە. هەرگیز خراپە نایەتە بەردەم مسوڵمانی دامەزراو. هەرگیز خوای خاوەن شەفەقەت بەندەی دڵسۆز و ڕاستگۆی لە ڕەحم و بەزەیی خۆی بێ بەش ناکات.

ئیماندار ئەوەندەی لەسەرە پەروەردگاری خۆی خۆش بوێ و بە فەرمان و بڕیارەکانی ڕازیی بێت، ئیتر خوای پەروەرگار خۆی چاودێریی دەکات.

ئوم حەبیبەی هەڵگری ڕاستەقینەی قورئان، بەتەواوی خۆی تەسلیمی قەدەری پڕ عەدالەتی پەروەردگار کرد.

خوای گەورە هەر خۆی چاك نەخشە دەکێشێ و هەر خۆیشی دەزانێ بەندەی دامەزراوی بەچی تاقی بکاتەوە تا پلەی بەرز بکاتەوە.
چاوەڕوانیی و نزا و پاڕانەوە و خۆ تەسلیم کردنەکەی ڕەملە زۆری نەخایاند..

مێردەکەی دوای ماوەیەکی گەلێ کەم بە گاورێتیی سەری نایەوە و مرد و بە تەواوبونی عیددەی تەڵاق دانەکەشی دەرگای ڕەحمەتی پەروەرگاری لێ کرایەوە.

بەختەوەریی باڵی گرتەوە و بەرەو ماڵە خەم بارە مات و مەلوولەکەی ئوم حەبیبە کەوتە ڕێ..

خوای گەورە نزا و پاڕانەوەکانی گیرا کرد و دەروازەی بەختەوەریی دنیا و قیامەتی بۆ خستە سەر پشت.

ئەوەبو لە چێشتەنگاوی ڕۆژێکی ڕازاوە و پڕ بەختەوەرییدا تەقە لەدەرگای ماڵی ڕەملە درا. چوو بە دەم دەرگاوە. کە کردیەوە دەبینێ وا (ئەبرەهە) ی کەنیزەکی تایبەتیی نەجاشیی پادشای حەبەشەیە و بۆ لای ئەو هاتووە.

ئافرەتەکە بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە سەلامی لێکرد و، ماوەی چوونە ژوورەوەی خواست. کە چووە ژوورەوە پێی وت:

پادشا سەلام و ڕێزی هەیە بۆت و ئەڵێت:

محمدی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) خوازبێنیی کردوویت بۆ خۆی! نامەیەکیشی بۆ پادشا ناردووە و ئەوی کردووە بە وەکیل تا مارەت ببڕێ لێی. جا تۆش بە ویستی خۆت یەکێ بکە بەوەکیلی خۆت.

بەڵێ ئازیزانم هەواڵی تەڵاق دانی ئوم حەبیبە و بەگاوربوونی مێردەکەی کە دەگاتەوە مەدینە، پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم) بە دڵە پاکە نوورانییەکەیەوە ئەوپەڕی بەزەیی بە ئوم حەبیبەدا دێتەوە کە لە غەریبییدا بەوشێوەی لێ قەوماوە، ئافرەتێك کچی سەرداری مەککە بێت و، لەسەر دینە بێگەردەکەی ئەو دەربەدەر بکرێت و، لەو سەرگەردانیی و دەربەدەرییەشدا جارێکی تر سەرگەردان و ماڵ کاول ببێتەوە و، سەرزەویی لێ تاریك ببێ: مێرد داوای گاور بوون و باوکیش داوای بەکافربونەوەی لێ بکا. ئافرەتێ ئەوە غیرەتی بێ و دەست بەرداری ئیمان نەبێت، پێویستە هەڵوێستی مەردانەی بەرچاو بگیرێ. پێویستە خێرا خەمی بخورێ و هاوشانی خۆی بۆ بدۆزرێتەوە و داوای بکا.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەرنجی دا ئەم ئافرەتە کە کچی ئەبوسوفیانە، وەك کچە پادشا وایە، کە ئەم هەڵوێستە مەردانەشی گرتۆتە بەر جگە لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کە سەرداری مسوڵمانانە، داوای بکا، بە کەسی تر لەو لێ قەومانە گەورەیدا دڵ خۆشیی ناکرێ.

لەبەر ئەم حیکمەتە و حیکمەتی تریش پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم) وای بە چاك زانیی خۆی بنێرێتە خوازبێنی ئافرەتێکی وەها بەغیرەت و ئیمان کامڵ.

کە (ئەبرەهە) هەواڵی بە ئوم حەبیبە دا، خەریك بوو لە خۆشیاندا باڵ بگرێتەوە، بە دەنگی بەرز وتی:

خوا مژدەی خێرت بداتێ، خوا مژدەی خێرت بداتێ..

لە خۆشیاندا چی ئاڵتوون و خشڵی بوو دای کەند و پێشکەشی کرد.

دوای ئەوە پاوانەکانی. پاشان هەردوو گوارەکانی و ئەمووستیلەکانی.

ئا لەو ساتەدا ئەگەر هەموو گەنج و گەوهەری دنیای ببوایە پێشکەشی دەکرد..

دوای ئەوە پێی وت:

وا خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص، کە نزیکترین خزمە لێرە، کردمە وەکیلی خۆم.

بەم شێوەیە درەختی ئیمان هاتە بەرهەم و دەرووی خێر لەو شێرە ئافرەتە کرایەوە، بەڵام چۆن دەروویەك؟

دەروویەکی لێ کرایەوە کە هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە. بە بیریدا نەهاتووە ئەو خاوەنی ئیمانێك بێت بۆ ئەوە بشێ ببێتە هاوسەری یەکەم خۆشەویستی خوا، هاوسەری پێغەمبەری خوا و (صلی الله علیه وسلم) ببێتە دایکی هەموو ئیماندارێك تا ڕۆژی قیامەت.

# کــۆڕی فــەڕ و پیــرۆزیی

وڵاتی پادشای خواناس ئاوەدان و ڕازاوە بوو. کۆشکی پادشایەتیشی، کە لەوپەڕی قەشەنگیی و ڕازاوەییدا بنیات نرا بوو، بەسەر بەرزاییەکی بە دار و درەخت داپۆشراوەوە بوو و، بەسەر باخچە و گوڵ و گوڵزارێکی دڵ ڕفێنی حەبەشەدا دەی ڕوانیی.

نەجاشیی لە کاتیی دیاریی کراودا ناردی بە دوای ئەو هاوەڵانەدا کە میوانی وڵاتی حەبەشە بوون تا ئامادەی کۆڕی پیرۆز بن..کۆڕی مارەبڕینی ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) .

هاوەڵە ئیماندارەکان، بە پێشەوایەتیی جەعفەری کوڕی ئەبو گالیب و، خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص و، عەبدوڵڵای کوڕی حوذافەی سەهمیی بەرەو کۆشکی پادشا کەوتنە ڕێ و لە یەکێ لە هۆڵە فراوان و نەخشینەکانیدا، کە بە چرای تایبەتی ڕوناك کرابوویەوە و، بە چاك ترین فەرشی ئەو ڕۆژە هەموو لایەکی داپۆشرا بوو، دانیشتن. کە هەمووان ئامادەبوون و کۆڕ بەسترا، نەجاشیی پادشا بۆ داواکردنەکە دەستی بە وتاردان و کرد و وتی:

سوپاسی خوای پاك و بێ گەرد و خاوەن هێز و دەسەڵات دەکە، و، شاهێدیی دەدەم کە جگە لە زاتی (الله) هیچ خوایەکی تر نیە و (محمد) یش بەندەو پێغەمبەری خوایە و، ئەو کەسەیە کە عیسای کوڕی مەریەم مژدەی بەهاتنی داوە.

بـــەڕێـزان!

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی بەسەردا داوم کە ئوم حەبیبەی کچی ئەبوسوفیانی لێ مارە بکەم، منیش وا فەرمانەکەی ئەنجام دەدەم و، وا لە جیاتی ئەو چوار صەد مسقاڵ زێڕم لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەرەکەی، کردە مارەیی.

دوای ئەمە دینارە زێڕەکانی خستە بەردەمی خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص.

دوای ئەوە خالیدیش هەستا و وتی:

سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەم و، داوای کۆمەکیی، چاوپۆشیی تاوانی لێ دەکەم و، بە پەشیمانیی دەگەڕێمەوە بۆ لای، شاهێدییش دەدەم کە (محمد) صلی الله علیه وسلم بەندە و پێغەمبەری خوایە، دین و هیدایەتی ڕاست و ڕەوانی بۆ ناردووە تا بەسەر هەموو دینێکی تردا سەری بخات، ئەگەرچی کافرانیش پێیان ناخۆش بێت..

بـــەڕێــزان!

وا منیش فەرمانی پێغەمبەری خوام ئەنجام دا و، ئوم حەبیبەی کچی ئەبوسوفیان - کە منی کردووە بە وەکیلی خۆی - لێم مارە بڕی.

خوا فەڕ و پیرۆزیی بخاتە ئەم ژن هێنانەی پێغەمبەرەکەیەوە.

لە ئوم حەبیبەش پیرۆز بێ، وا خوا ئەم خێر و بەرەکەتەی لە چارە نووسی.

دوای ئەوە پارەکەی هەڵگرت و هەستایە سەر پێ، بەو نیازەوە پارەکە بۆ ڕەملەی دایکی ئیمان داران بەرێ، بە هەستانەوەی خالید هاوەڵەکانیشی هەستان و ویستیان بچنە دەرەوە.

بەڵام پادشا ماوەی ڕۆیشتنی نەدان و، فەرمانی دا و وتی:

دانیشن، سوننەتی پێغەمبەرانە - سەلامی خوایان لێ بێ - کاتێ کە ژنیان هێنابێ، نانیان داوە.

دای نانەوە و فەرمانی دا سفرە و خوانیان ڕازاندەوە و نانیان خوارد و ئەوسا گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

دوای ئەوە خالیدی کوڕی سەعید زێڕی مارەییەکەی بۆ ڕەملە برد و ئەویش پەنجا مسقاڵی لێ نارد بۆ ئەبرەهە و پێی وت:

کاتێ مژدەت دامێ و منیش ئەو مژدانەیەم دا پێت پارەم بەلاوە نەبوو..

ئەوەندەی پێ نەچوو ئافرەتەکە هات و پەنجا مسقاڵ زێڕەکەی بۆ ئوم حەبیبە هێنایەوە و کیسی بۆن خۆشییەکەشی دەرهێنا و چی مژدانەی تری پێ دا بوو، لە بازن و بەند و پاوانە و گوارە و ئەموستیلە، هەر هەمووی گێڕایەوە بۆی و وتی:

پادشا فەرمانی بەسەردا داوم هیچت لێ وەرنەگرم.

فەرمانیشی بە خێزانەکانی داوە هەرچی بۆن خۆشییەکیان بەلاوە هەیە بۆتی بنێرن..

(ئەبرەهە) هەستا و ڕۆیشت و بۆ ڕۆژی دووهەم بەو پەڕی شەرم و حەیاوە گەڕایەوە و چەند جۆرێ لە بۆن خۆشیی وەك عوود و زەعفەران و عەنبەری بۆ ئوم حەبیبە هێنا..

دوای ئەوە ئەبرەهە بە ڕەملەی دایکی ئیماندارانی وت:

منیش پێویستییەکم بە تۆ هەیە.

ڕەملە وتی: بەسەر چاو، فەرموو، چییە؟!

وتی: من مسوڵمان بووم و شوێن دیینە پاکەکەی محمد (صلی الله علیه وسلم) کەوتووم، جا سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر و ئاگاداری بکە من ئیمانم بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە، بەڵام لە یادت نەچێ..

دوای ئەوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بووك چی پێویست بوو، ئەبرەهە بۆی ڕێك خست و، بەو پەڕی ڕێزەوە بەرەو مەدینەی پایتەختی دەوڵەتی قورئان خستیە ڕێ.

ڕەملەی دایکی ئیمانداران لەگەڵ مسوڵمانەکانی تردا گەیشتنەوە مەدینە، کە گەیشتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه

وسلم) بە وردیی هەواڵی خوازبێنی و مارە بڕینەکە و ئەو هەموو چاکانەی کە ئەبرەهە لەو غەریبییەدا، لەبەر خاتری پێغەمبەری خوا و خۆشەویستیی ئیسلام، لەگەڵیدا کردبووی و، سەلام و مسوڵمان بوونەکشی بۆ گێڕایەوە.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەواڵە دڵ خۆش کەرەکانی ئەبرەهەی زۆر پێ خۆش بوو، بۆیە وەڵامی سەلامەکەی دایەوە و فەرمووی:

((وعلیها السلام ورحمة الله وبرکاته)).

بەم شێوەیە خوای خاوەنی سۆز و بەزەیی ڕەملەی لەو گیروگرفتە ناهەموارە ڕزگار کرد و لەپاداشتی ئەو یەقین و ئیمان دامەزراویی و وەفادارییەی دا بۆ دینی پاکی ئیسلام، کردیە هاوسەری پێغەمبەری خوا و دایکی هەموو ئیمان دارانی سەرزەویی..

ئەوە بوو دوای ماوەیەك قوڕەیش پەیمانی (حودەیبیە) ی شکاند و پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بڕیاری دا چی تر هەڵە و هەرزەیی لە قوڕەیش قبوڵ نەکات، بۆ ئەمە دەستی دایە سوپا ئامادە کردن بۆ پاك کردنەوەی مەککەی پیرۆز لە بتەکانی سەردەمی نەفامیی.

کە ئەبوسوفیان ئەمەی بیست بەپەلە خۆی گەیاندە مەدینە و چووە خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و عەرزی ئەوەی کرد کە بەشکوم درێژە بە بەند و بڕیارەکانی پەیمانەکە بدەن، بەڵام پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی لێ وەرنەگرت، ئەویش کە هەستا چوو بۆ ماڵی ئوم حەبیبەی کچی - خوا لێی ڕازی بێ - کە ئەبوسوفیان چووە ژوورەوە، ویستی لەسەر فەرشەکەی پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم) دابنیشێ خێرا دایکی ئیمان داران فەرشەکەی پێچایەوە و نەی هێشت باوکی لەسەری دابنیشێ، بەو نیازەی شتێکی تری بۆ ڕابخات.

باوکی سەری لەم کارەی کچەکەی سوڕما و نەی دەزانی ئایا ئەم حەیف بوو لەسەر ئەم فەرشە دابنیشێ یان فەرشەکە بۆ ئەم حەیف بوو، کە ئەوەی لێ پرسی، وەڵامی دایەوە، ئەوە فەرشی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) و تۆش پیاوێکی موشریکی و پاك نیت، بۆیە پێم خۆش نەبوو لەسەر فەرشی ئەو دابنیشیت.

دیارە لێرەدا ئوم حەبیبە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەك مێرد سەیر ناکات، بەڵکو وەك پێغەمبەر سەیری دەکات ئەگینا بۆ هەموو ئافرەتێ وا جوان ترە، لەبەردەم باوکیدا، ڕێزی باوکی زیاتر بگرێت لەهی مێردەکەی.

ئەبوسوفیان بۆی دەرکەوت کە کچەکەی ئیسلامی زۆر بە دڵدا چووە و، بە تەواویش دینی قوڕەیشی لەبەر چاو کەوتووە، وا ئەوەندە ڕێز لە پێغەمبەری خوا دەگرێت بۆیە وتی: کچم! دوای من تووشی سەرگەردانیی بویت!

ئوم حەبیبەی دایکی ئیمانداران دوای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تا ماوەیەك ژیا، ئەوە بوو لەسەرە مەرگیدا ناردی بە دوای حەزرەتی عائیشەدا - خوا لێی ڕازیی بێ - تا، بەر لەوەی گەشتی قیامەتیی دەست پێ بکات و بکەوێتە بازاڕی خواوە، سەرێکی لێ بدات.

ئوم حەبیبە وتی: وەك لە نێوان هەوێدا جار بە جار شت ڕوو دەدات، دەگونجێ لە نێوان ئێمەشدا، ڕووی دابێ، جا خوای گەورە لە منیش

و له تۆش خۆش ببێ بۆ هەر شتێ له نێوانماندا ڕووی داوه.

هەرکەسێ ئیماندار بێ بازاڕی قیامەتی زۆر بەلاوه سەختە. حەز ناکات بە کۆڵی قورسی گوناهەوه ئەو گەشتە دوور و درێژه بەو ڕێگا سەخت و پڕ مەترسییەدا بکات. بۆیە حەز دەکا کۆڵی گوناهەکانی سووك تر و توێشووی چاکەکانی قورس تر بن.

عائیشه وەڵامی دایەوه: خوای گەوره لێت خۆش ببێ و هەر هەموو چاوپۆشیی لێ بکا و گەردەنیشت ئازاد بێت.

وتی: دڵخۆشت کردم، خوا دڵخۆشت بکات.

دوای ئەوه ناردی بە دوای ئوم سەلەمەی دایکی ئیمانداراندا و ئەویش هەر هەمان شێوەی پێ وت.

له کۆتایی دا داوا له خوای پەروەرگار دەکەم کۆمەکیی ئێمەش بکا و شۆڵەیەك لەو ئیمانه کامڵ و تەحقیقییەی هاوەڵانمان پێ ببەخشێ، تا بە کۆمەکیی خوا، گەشتی زەمینییمان بە دامەزراویی و، ژیانی قیامەتیشمان بە سەربەرزیی بەسەر بەرین، ئامین.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.

والصلاة والسلام على رسوله الأمين.

سلێمانی

١٤١٤/١٢/١٥ك

١٩٩٤/٥/٢٦ز

# سەرچاوەکان

| پەڕاو | دانەر |
| --- | --- |
| ١- الإستيعاب | إبن عبدالبر. |
| ٢- الإصابة | إبن حجر العسقلاني. |
| ٣- حياة الصحابة | الكاندهلوي. |
| ٤- السيرة النبوية. | إبن هشام. |
| ٥- صفة الصفوة. | إبن الجوزى. |
| ٦- صور من حياة الصحابه. | عبدالرحمن رأفت الپاشا. |

# نـــاوەڕۆك


پێشـکەش.................................................................٦

پێـشــەکیی...............................................................٧

هــێزی ئـیـمــان...................................................٩

پـاداشــتـی ئیخـــلاص.........................................١٣

تـــاقـی کردنـــەوەی ســـەخت.........................١٧

دەرگای ڕەحـــمـــەت.........................................٢١

کــۆڕی فــەڕ و پیــرۆزیی......................................٢٥

سەرچاوەکان............................................................٣٢

# ڕەملەی
## کچی ئەبوسوفیان

ئازیزەکانم! ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان.. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکرێ گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتەدی..


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice
trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN


1500 دینار